# " بەستنی قەراردادی دەستە جەمعی، بەر بە فڕ و فێڵی خاوەن کوورەکان دەگرێ"

**ن: سەعید ئەمانی**

به کۆتایی هاتنی وەرزی زستان و پێنانە نێو یەکەم ڕۆژەکانی بەهار و سەری ساڵی تازەوە، کاروانی کۆچی کرێکارانی وەرزی، لە شار و ناوچە جۆرا و جۆرەکانی ئێرانەوە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، بەرەو کورە ئاجور پەزیەکان دەست پێ دەکات. هەموو ساڵێك لەم سەر و بەندە دا قسە و باسێك لە بواری جۆرا و جۆردا، لەسەر ئەم مەسەلەیە، دێتە ئاراوە. لەم وتارە دا هەوڵ ئەدەم بە شێوەیەك تیشك بخەمە سەر چەندلایەنێك لە هەل و مەرجی کار و ژیان و خەباتی ساڵانەی ئەم بەشە لە چینی کرێکاری ئێران. کە بێبەشترین، چەوساوەترین، و هاو زەمان، جەسوورترین بەشی ئەو چینەیە.

کریکارانی وەرزی تێکەڵێك لە منداڵانی کار، ژنان کرێکار و خانەدار، کریکارانی پیاو، یان، سەرپەرەستی بنەماڵەکانن. جیاواز لەوەی کۆی ئەم کرێکارانە لە نامرۆڤانەترین هەل و مەرجی کار و حەسانەوە و پاك و خاوێنی دا ژیان بەسەر دەبەن، بە دەست چینێکی سەرمایەدار و خاوەن کاری چاوچنۆکەوە دەچەوسێنەوە کە بەئاشکرا خۆلە دانی هەرچەشنە ئیمکاناتێکی ڕیفاهی بەکرێکاران ئەدزێتەوە. بەردەوام لە ڕێگای گۆڕاڵ و نوێنەرەکانیەوە لەبیری خەڵەتاندن و چاوبەستنی کێرێکاران دابوون و خۆیان لەو ماف و حەق وحەقوقانە گێل کرددوە کە لە سەرتاسەری دنیادا، و لەرێگای خەباتی بەردەوامی کرێکارانەوە، بوونەتە ئەمرێکی واقع و بەسەر خاوەنکاراندا سەپاون. ئەم چینە لە سەرمایەداران و خاوەنکاران حەقی بیمە و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی بێهداشتی و ئاوی خواردنەوەی خاوێن بۆ کرێکاران بە ڕەوا نازانن و هەرگیز بە ویستی خۆیان لە هەوڵی دابین کردنیاندا نەبوون.

منداڵان و ژنانی نێو ڕیزی ئەم کرێکارانە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن خاوەن کارانەوە، وەك باقی کرێکارەکانی تر، دەچەوسێنەوە، لەلایەن سەرپەرەستی بنەماڵەشەوە، کە باوك یان یەکێك لە پیاوانی ئەو خێزانەیە، دەچەوسێندرێنەوە. منداڵانی کەم تەمەن دەکێشرێنە ژێر کارەوە. ژنان سەرەڕای کاری قاڵبداری لە مەیدان دا، دەبێ کارەکانی ماڵەوەش، کە چێشت لێنان و لیباس شتن و منداڵ خاوێن کردنەوەیە، ئەنجام بدات.

بەشی زۆری ئەم کرێکارانە، بە ژن و پیاویانەوە، یان بێسەوادن یان بەهۆی ئەوەی کە مەجالی درێژەدان بەخوێندیان نەبوە ئاستی خوێندەواریان لە خوار دیپلۆمەوەیە. لەو بەشەش دا ئەوە ژنانن کە زۆرینەی بێسەواد یان کەم سەوادەکان پێکدێنن. بە پێی ئامارەکان ١٢ لەسەدی خەڵکی ئێران

**کەمتر لە پێداویستی ڕاستەقینەی بەدەنیان کالری وەردەگرن، کرێکارانی کورەخانەکان، بەگشتی، بەهۆی کاری وەرزی و کەمدەرامەدی، لە زومرەی ئەم ١٢ لەسەدەی دانیشتوانی ئێرانن.**

**هەروەك زۆرێك لە خوێنەرانی ئەم بابەتە ئاگادارن، کار لە کورە ئاجور پەزیەکان دا لە نێوەڕاست مانگی بەهارەوە دەست پێ دەکات، و تا کۆتاییەکانی وەرزی هاوین درێژە دەکێشێ. پێویست بە ئاماژەیە کاری قاڵب داری تەنیا لە ناوچە ساردەکان دا کۆتایی پێ دێ، وەگەرنا لە هێندێك شوێنی دیکەی وەك جنوبی ئێران کاری قاڵبداری بەردەوام دەبێت و لە گشت شوێنەکانی دیکەش قرمزدار و چەرخ کێش و ...، بەردەوام کار دەکەن.**

**بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لەم ساڵانەی دوایدا بە گشتی جموجۆڵێکی هیوابەخشی بە خۆیەوە دیوە، ئەگەر بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیشی بووبێت لە بەرانبەر دەست درێژی نیزامی سەرمایەداری بە گشتی و نئۆلیبرالیزم و سیستمی بازاڕی ئازاد بە تایبەتی. بەڵام کرێکارانی وەرزی و ئەو کرێکارانەی دەچنە کورەخانە، بێ پسانەوە و ساڵ بە ساڵ، لە حاڵی بەرەوپێشەوە چوون دابوون بۆ دەستەبەر کردنی داواکاریەکانیان، کە خۆی لە زیادکردنی حەقدەست، بە دەست هێنانی بیمەی بێکاری و دابین کردنی مەنزڵ و ئاوی بێهداشتی و پاك و خاوێنی دا دەبینێتەوە. بۆنموونە ساڵی ڕابردوو کرێکارانی کورەخانە شوێنە جیاجیاکانی ئێران توانیان بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان، نرخی هەر ١٠٠٠ خشت لە ٣٠٠٠ – ٣٢٠٠ تمەنی ساڵی پێشترەوە بگەیەنە ٤٠٠٠، و لە گەلێك شوێن، بانتر لە چوار هەزار یش.**

**ساڵ نیە ئێمە شاهیدی مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی کورەخانەکانی ناوچە جۆراو جۆرەکانی ئێران نەبوبێتین. یەکگرتوویی کرێکاران لە کاتی بەڕێوەبردنی مانگرتنەکان و بەسەرکەوتن گەیاندنیان دا، هەر کامەو خۆی جێگای شانازی و دەرس لێوەرگرتنە. بەڵام، بەداخەوە ئەم یەکگرتوویە، بە ناچار، لە کۆتایی هەر ساڵەی وەرزی کار دا تێکچوە و لە هیچ بەشێکی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی ئەم کرێکارانە دا خۆی دەرنەخستۆتەوە. هەرچەند دوای گەڕانەوەشیان لە شوێنی کار، لە لایەن چەوسێنەرانەوە، دەست درێژی کراوەتە سەر ماف و بەرژەوەندیەکانیان.**

**ئەم ڕۆژانە، سەر و بەندی پەیدا بوونی سەروکەللەی کەسانی بە نێو سەرکاریگەر، واتە گۆپاڵەکانی دەستی خاوەن کورەکانە. ئەم کەسانە سەر بە گشت کەلێن و قوژبنەکانی کوردستاندا دەکەن و بە کەڵك وەرگرتن لە لێکهەڵوەشانەوەی ڕیزی یەکگرتوانەی کرێکاران بە شێوەیەك لەگەڵ کرێکاران قەرارداد دەبەستن کە بە تەواوی لە بەرژەوەندی خاوەن کاردایە و بە زیانی کرێکاران. سەرکاریگەر لەم پێناوەدا پارەیەکی باشی لە لایەن خاوەن کارەوە دەست دەکەوێ. بەڵام، کرێکاران چون بە شێوەی تاکە کەسی قەرارداد دەبەستن، و بەهۆی لێکنەدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرز بوونەی نرخی پێداویستیەکانی ژیان، لە ساڵی داهاتوودا، زەرەرمەند دەبن و دوای ئەوەی لە کورەخانەکان لە**

**دەوری یەك كۆبوونەوە، تازە، بە برینی خۆیان دەزانن و ناچار دەبن بۆ جوبرانی زیانەكانیان دەست بدەنە مانگرتن.**

**كەوایە، پێویستە كرێكاران لە ئێستاوە و بە هاودەنگی و دوای مەشوەرەت كردن لەگەڵ یەكتری، قەرارداد لەگەڵ خاوەن كار، یان نوێنەرەكەی ببەستن، و تا بۆیان دەكرێ بە شێوەی تاك لەگەڵ هیچ سەركاریگەر، یا خاوەن كارێك دا قەرارداد نەبەستن. مەگەر كاتێك دوای لێكدانەوەی لایەنە جۆراو جۆرەكانی هەل و مەرجی كار و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەكانی ژیان، لە ساڵی داهاتوودا، بە ئاكامێك گەیشتبێتن و لەسەر خاڵەكانی قەراردادی ساڵی نوێ ساخ بوبێتنەوە. دیارە ڕەچاو كردنی ئەم مەسەلەیە بە تەواوی لە بەرژەوەندی كرێكاران دایە و بەر بە فڕ و فێڵەكانی خاوەن كار دەگرێ.**

**پتەوتر بێت ڕیزی خەباتی حەقخوازانەی كرێكاران بە گشتی و كرێكارانی وەرزی بە تایبەتی.**

**٨٥/١٢/٢٥**